رەشید بە زیلینسکی: عێراق ئامادەیە بۆ کارکردن بۆ نزیککردنەوەی بیروبۆچوونەکانی نێوان ئۆکرانیا وروسیا

د.لەتیف جەمال ڕەشید سەرۆک کۆمار جەختیکردەوە لەوەی کە عێراق ئامادەیە بۆ کارکردن بۆ نزیککردنەوەی بیروبۆچوونەکانی نێوان ئۆکرانیا وروسیا،هاوکات ڤلادیمیر زیلینسکی سەرۆکی ئۆکرانیا ستایشی هەوڵەستی بڵاینەنی عێراقی کرد سەبارەت بە ململانێی ئۆکرانیا و ڕوسیا.

سەرۆکایەتی کۆمار لەڕاگەیەندراوەکدا کۆئاژانسی موتەبەدواداچوونی بۆ کردووە بڵاویکردەوە"لە چوارچێوەی بەشداریکردنی لە کارەکانی کۆبەندی ئابووری جیهانی سەرۆک کۆمار د.لەتیف جەمال ڕەشید لە کۆنگرەی داڤۆس لەگەڵ سەرۆکی ئۆکرانیا ڤلادیمیر زیلینسکی کۆبوونەوە.

وتیشی لە کۆبوونەوەکەدا ژمارەیەک پرسی گرنگ لەسەر گەشەپانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی تاوتوێکران. سەرۆک کۆمار تێئکیدی لەسەر هەوڵەستی عێراق کردەوە کە داوای ڕەزگرتن لە سەروەری دەوڵەتان و پێویستی چارەسەرکردن و یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکان بە ڕێگای ئاشتیانە دۆکات و ئاماژەی بە بەیارەکانی نێنێوەیەکگرتووەکان کرد و ڕوونیکردەوە کە لە ململانێ چەکداریەکاندا هیچ براوەیەک نیە.

سەرۆک کۆمار ئاماژەی بۆشدا کە عێراق لۆلایەنەکانی ململانێکە وەک یەک دوورە و جێختی لە ئامادەیی عێراق کردەوە بۆ کارکردن بۆ نزیککردنەوەی بیروبۆچوونەکانی هەردوولا.

لە بەرامبەردا سەرۆکی ئۆکرانیا سوپاسی سەرۆک کۆماری کرد بۆ هەوڵەستی بۆلایەنی عێراق سەبارەت بە ململانێی ئۆکرانیا و ڕوسیا و جێختی لەسەر خواستی ئۆکرانیا کردەوە بۆ بەهێزکردنی هاوکارییە دووقۆڵییەکان بەتایبەتی لە کێرتی کشتوکاڵ و هێناردەکردنی پێویستی عێراق لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی ئۆکرانیا بەتایبەتی گەنم و دانەوێڵەی جۆ.